وەزارەتی خوێندنی باڵا و
توێژینەوەی زانستی
زانکۆی لوبنانی فەرەنسی
کۆلێژی یاسا و پەیوەندییە
نێودەوڵەتیەکان
بەشی یاسا

# زواج المسيار بين المجيزين والمانعين

دراسة مقارنة بين الشريعة والقانون

بحث مقدم الى رئاسة قسم القانون, وهو جزء من متطلبات نيل شهادة البكالوريوس في القانون

**لە لایەن قوتابیان:**
**سەهەند سروود احمد**
**خۆشناو جاسم حسن**
**منان مازن موسى**

**بە سەرپەرشتی:**
**م. هاوڕێ عمر عولا**

١٤٤٤ A.H.    ٢٧٢٣ K.D.    ٢٠٢٣ A.D.

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

{وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُم مِّنْ أَنفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِّتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُم مَّوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَآيَاتٍ لِّقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ}

سورة الرّوم{٢١}

## پێرست

**دیاری** ............ ii
**سوپاس و پێزانین** ............ iii
پێشەکی ............ ١
پلانی توێژینەوە ............ ٢
١. دەروازەیەک بۆ هاوسەرگیری ............ ٤
١.١. هاوسەرگیری ............ ٥
١.١.١ پێناسەی هاوسەرگیری ............ ٥
١.١.٢. پێناسەی نیکاح ............ ٦
١.١.٣. مەرجەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری ............ ٧
١.٢. هاوسەرگیری مسیار ............ ٨
١.٢.١. پێناسەی هاوسەرگیری مسیار ............ ٨
١.٢.٢. سەرهەڵدان و دروستبوونی هاوسەرگیری مسیار ............ ٩
٢. هۆکار و لێکەوتەکانی مسیار ............ ١٠
٢.١. هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە ............ ١١
٢.١.١. ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە ئافرەتانەوە ............ ١١
٢.١.٢. ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە پیاوانەوە ............ ١٣
٢.٢. ئاسەوارەکانی هاوسەرگیری مسیار ............ ١٥
٢.٢.١. کاریگەریە ئەرێنیەکان ............ ١٥
٢.٢.٢. کاریگەریە نەرێنیەکان ............ ١٦
٣. حوکمی هاوسەرگیری مسیار ............ ١٨
٣.١. حوکم و مەزهەبی زانا هاوچەرخەکان و بەڵگەکانیان ............ ١٩
٣.١.١. دەڵێن حەلالە و لە هەندێک کات مەکروهە ............ ١٩
٣.١.٢. دەڵێن حەرامە و قبول نەکراوە لە رووی شەرعەوە ............ ٢٣
٣.١.٣. ئەوانەی لەم بابەتە وەستاون ............ ٢٥
٣.١.٤. رای بارسەنگ (راجح) ............ ٢٦
کۆتایی ............ ٣٠
سەرچاوەکان ............ ٣٢

## دیاری

ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە بەشی یاسا وە مامۆستا ماندوو نەناسەکان وە بە تایبەت مامۆستای سەرپەرشتیاری توێژینەوەکەمان,و خانەوادەی ئازیزمان وە هەموو هاورێیان و خزم و دۆستان وە هەر خوێنەرێکی زانست ویست.

# سوپاس و پێزانین

یەکەم سوپاس و پێزانینمان بۆ ئەم زاتە گەورەیەی کە ئێمەی هێناوەتە بوون و هەمیشە چاودێرە بەسەرمانەوە ئەویش خودای گەورەی پەروەردگارە.

وە سوپاسی مامۆستای سەرپەرشتیار (م. هاورێ عمر عولا) کە زۆر یارمەتیدەر و هاریکارمان بووە لە بابەتی توێژینەوەکە, بە گشتیش هاریکار بووە لە فێرکردنمان لە بابەتە شەرعییەکان.

وە سوپاسی خانەوادە و کەسوکاری ئازیزمان دەکەین وە سوپاسی هەموو کەسێک کە یارمەتیدەر و ئاسانکار بووە کە بتوانین بەردەوامبین لە خوێندن و بگەین بەم قۆناغەی ژیان.

# پێشەکی

سوپاس بۆ خوای گەورەو میهرەبان کە مرۆڤی درووست کردووە بە باشترین شێوە وە هاوسەرەکەشی لە یەک گیان و دەروون بەدی هێناوە وە زەوی و ئاسمانەکانی لە بار کردووە تاوەکو سوودیان لێ ببینرێ بۆ ژیان.

بێگومان ڕێبازی خێزانداری ئامانجی هەموو تاکێکی موسڵمانە چونکە پێویستی پێیەتی وە بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری شەرعی پەیوەندیەکی ڕەواو ڕێگە پێدراو لە نێوان تاکێکی نێر و مێ دروست دەبێ, وە ئەمەش سوننەتی ژیانە. وە بە ئەنجامدانی ئەو هاوسەرگیرییە دەبێتە هۆی دوورخستنەوەی تاکی موسڵمان لە پەیوەندیە خراپ و زیان بەخشەکان.

بە ڕێگەی ئەم هاوسەرگیرییە ماف و پابەندییەکانی لایەنەکانی خێزان دەپارێزرێ کە لە شەریعەتی ئیسلامیدا بە وردی باسیان لێوەکراوە, وە سیستەمی خێزانداری گرینگیەکی زۆری هەیە بۆ بەرەو پێشچوون و فراوانبوونی کۆمەڵگای موسڵمان.

## گرنگی ئەو بابەتە:

گرنگی ئەو بابەتە کورت دەکەینەوە لە دوورخستنەوەی تاکەکان و پاراستنیان لە ئەنجامدانی پەیوەندی هاوسەگیری لە دەرەوەی بازنەو مەرجە شەرعییەکەدا, چونکە ئەنجامدانی هاوسەرگیری بەدەر لە مەرج و ڕێکارەکان کە لە شەریعەتدا باسکراوە دەبێتە مایەی تێکچوون و شپرزە بوونی خێزان ئەمەش کاریگەری نەرێنی دەخاتە سەر تاکەکان و کۆمەلگەی ئیسلامی.

## هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم توێژینەوەیە:

بە گرنگمان زانی کە توێژینەوە لەسەر ئەم بابەتە بکەین لەبەر ئەوەی هاوسەرگیری ڕاستەوخۆ پەیوەندی دارە بە لایەنی ماددی و لایەنی دەروونی و لایەنی پەروەردەیی و لایەنی هاوکاری لە نێوان تاکەکانی خێزاندا.

تاوەکو تاکەکان هۆشیاری ئایینیان هەبێت بەم جۆرە هاوسەرگیرییە و خۆیان بەدوور بگرن لێی. وە تاوەکو بە قوڵی و بە ووردی لێکۆڵینەوە لەو هاوسەرگیرییە بکەین و زانست و زانیاریمان لێی زیاتر بێ و لە نزیکەوە پێی ئاشنابین.

## ئامانجی توێژینەوە:

ئامانجمان لە نووسینی ئەم توێژینەوەیە دەوڵەمەند کردنی زانستی تاکەکانە بە هاوسەرگیری مسیار بۆ ئەوەی بەرچاو و ڕوونیەکیان هەبێ لە ماف و پابەندی و کاریگەرییە باش و خراپەکان و ڕای زانایانی ئیسلامی دەربارەی ئەم هاوسەرگیرییە.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەکانمان کورت دەکەینەوە لە نەبوونی سەرچاوەی کوردی لەسەر هاوسەرگیری مسیار.

وە فرە ڕایی زانایانی ئیسلامی دەربارەی ڕاستی و دروستی ئەم هاوسەرگیرییە, وە دۆزینەوەی سەرچاوەکان بە زمانی بیانی وە وەرگێرانمان بۆ سەر زمانی کوردی.

## پلانی توێژینەوە:

نەخشەی توێژینەوەکەمان بەم شێوەیەی خوارەوە:

## بەشی یەکەم/ دەروازەیەک بۆ هاوسەرگیری

**باسی یەکەم/ هاوسەرگیری**

لقی یەکەم: پێناسەی هاوسەرگیری

لقی دووەم: پێناسەی نیکاح

لقی سێیەم: مەرجەکانی گرێبەستی هاوسەرگیری

**باسی دووەم/ هاوسەرگیری مسیار**

لقی یەکەم : پێناسەی هاوسەرگیری مسیار

لقی دووەم: سەرهەڵدان و درووست بوونی هاوسەرگیری مسیار

## بەشی دووەم/ هۆکار و لێکەوتەکانی مسیار

**باسی یەکەم / هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە**

لقی یەکەم : ئەو هۆکارانەی کە پەیوەستن بە ئافرەتانەوە

لقی دووەم: ئەو هۆکارانەی پەیوەستن بە پیاوانەوە

**باسی دووەم/ ئاسەوارەکانی هاوسەرگیری مسیار**

لقی یەکەم: کاریگەرییە ئەرێنییەکان

لقی دووەم: کاریگەرییە نەرێنیەکان

## بەشی سێیەم/ حوکمی هاوسەرگیری مسیار

**باسی یەکەم/ حوکم و مەزهەبی زانا هاوچەرخەکان و بەڵگەکانیان**

لقی یەکەم: دەڵێن حەڵاڵە لە هەندێ کات مەکروهە

لقی دووەم: دەڵێن حەرامە قەبووڵ نەکراوە لەرووی شەرعەوە

لقی سێیەم : ئەوانەی لەم بابەتە وەستاون

لقی چوارەم: ڕای بارسەنگ (راجح)

**کۆتایی/** کۆتایی توێژینەوەکە پێکدی لە کۆمەڵێ دەرئەنجامی گرینگ و خشتەی سەرچاوەکان. وە لە کۆتاییدا هەوڵەکانمان سەرکەوتوو بوون ئەویش بە فەزلی خوای گەورە و میهرەبان وە هەر کەم و کورییەکیش هەبێ ئەوە لە لایەن ئێمەوەیە, وە لە خوای گەورە دەپارێینەوە لە هەڵەو تاوانەکانمان خۆشبێ و ڕێگای ڕاستمان نیشان بدات, وە ئێمە دڵنیاین ئەو توێژینەوەمان بێ کەم و کوری نییە. چونکە بێگومان تەنیا خوای گەورە بێ کەم و کورییە, وە داوا لە خوای گەورە دەکەین ڕاستگۆییمان پێ ببەخشێ لە زانست و کاردا وە ئەو توێژینەوەشمان بۆ بخاتە سەر تەرازووی چاکەکانمان. وە کۆتا داوامان سوپاسی

خوای گەورە و میهرەبان دەکەین وە درودی خوای گەورە لەسەر پێشەوای موسڵمانان پێشەوامان (محمد وعلى اله وصحبه اجمعين).

# بەشی یەکەم

## دەوازەیەک بۆ هاوسەرگیری

## باسی یەکەم

## هاوسەرگیری

### لقی یەکەم

### پێناسەی هاوسەرگیری

**١- پێناسەی هاوسەرگیری لە ڕووی (زمانەوانی)** : (زواج) ئەو وشەیە لەلایەن عەرەبەکانەوە بەکار دێت بۆ ئاماژەدان بە پەیوەندی یەک شت لەگەڵ ئەوی ترو پێکەوەیی دوای ئەوەی کە جیابوونە. وە لە وشەی (زوج) هاتووە کە واتا جووت و پێچەوانەی وشەی (الفرد) تاکە.(١) وە خودای گەورە لە قووڕعانی پیرۆزدا دەفەرموێ ( كَذَٰلِكَ وَزَوَّجْنَاهُم بِحُورٍ عِينٍ) (٢) واتا( هەروەها حوری چاوگەش و گوڵئەندامیان کردووە بە هاوسەریان) یان بەواتای پێدانی یەکێکە بە یەکیکیتر لەلایەن خودای گەورە یان بەیەک لکاندنیان. (٣)

**٢-پێناسەی هاوسەرگیری لە ڕووی (زاراوەی)** : بریتیە لە گرێبەستێکی ڕەزامەندی لە نێوان پیاو ئافرەت ، بەپێی ئەو گرێبەستە هەریەکەیان لەڕووی شەرعیەوە بۆ ئەوی تر حەڵاڵ دەبێت وە مەبەست لە مارەبڕین پێک هێنانی خێزانێکە لەسەر بنەمەی خۆشویستی و بەزەی بەیەکتر هاتنەوە و بەرپرسیاریەتی هاوبەش . (٤)

### کۆتایی:

### کۆتایی پێکدێ لە دەرئەنجام و پێشنیار:

### ١ – دەرئەنجامەکان:

١ – هەرچەندە هاوسەرگیری مسیار لە ڕووی ڕووکەش و بەردەست بوونی پایەکان و مەرجەکان وەک ئەوەیە کە لە شەرع داواکراوە. بەڵام سەرەرای ئەمانەش ئەم هاوسەرگیرییە خاڵیە لە بەرپرسیارەتی پەروەردە و چاودێری و سەرپەرشتی لەلایەن پیاوەوە.

٢ – مەبەست لە هاوسەرگیری مسیار تەنها بابەتی ماددی نیە وە هەروەها بۆ بەدەست هێنانی حەز و ئارەزووی جنسی نیە, بە شێوەیەکی ڕەوا, بەڵکو پەیوەندیەکی شەرەفمەندانەیە کە قورئانی پیرۆز ناوی لێناوە پەیمانی پتەو و بەهێز.

٣ – ئەم مێردە بە هەمان شێوە هاودژە لەگەڵ مەبەستەکانی شەریعەتدا.

٤ – خوای گەورە سەرپەرشتی داوەتە پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە چونکە دەتوانن بەرگەی بەرپرسیارەتی و خەرجی بگرن, چۆن ئافرەت دەتوانن هاتووچۆی دەرەوە بکات بەبێ ڕەزامەندی پیاوەکەوە ئەی گوێڕایەڵی و ڕەزامەندی بۆ پیاو لەکوێ دایە؟.

٥ –يارمەتیدان و سۆز و بەزەیی لە نێوان ئافرەت و پیاودا ناهێڵێ لە کاروباری سەختی ژیاندا.

٦ –مافی منداڵان دەستەبەر ناکرێت لە پەروەردە و فێرکردن و بەرپرسیارەتی باوکایەتی بەسەریانەوە, ئەگەر باوکەکە لێیانەوە نزیک نەبێ یاخود هەندێک جار ببینن.

٧ – لە گرێبەستی هاوسەرگیریدا کە لە دادگا تۆمار دەکرێ باس لە دەست هەڵگرتن لە مافەکانی بژێوی و شوێنی نیشتەجێ بوون و مانەوە لە لای ئافرەت نەکراوە لە لایەن پیاوەوە, ئەم گرێبەستی هاوسەرگیرییە دروست نییە چونکە لە گرێبەستی دادگاکاندا تۆمار ناکرێت و ئاماژەی بۆ ناکرێت.

٨ – ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە سەقامگیری و ئارامی کۆمەڵگەو خێزان دەشێوێنێ.

## ٢ – پێشنیارەکان:

١ – پێشنیار دەکەین بە ئەنجامدانی توێژینەوەو دیراساتی زیاتری زانستی لەسەر هاوسەرگیری مسیار لە رووی پراکتیکی( واقعی- مەیدانی).

٢ – پێشنیار دەکەین لایەنی دەسەڵات بە دەست و پەیوەندیدار تاکەکانی کۆمەڵگە دوور بخەنەوە لەم جۆرە هاوسەرگیرییە و قەدەغەی بکەن.

٣ – بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری لە لایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە بە دەرخستن و هۆشیارکردنەوەی تاکەکان لە مەترسی و پاشهاتە خراپەکانی ئەم هاوسەرگیرییە.

٤ - دەبێت زانایانی ئایینی بەوردی دیراسەی ئەم هاوسەرگیرییە بکەن, واتا زانایان سەیری دوورترین و وردترین خاڵی هاوسەرگیرییەکە بکەن تاوەکو هاوسەرگیری دوور نەبێ لە مەبەستە شەرعییەکانەوە.

## سەرچاوەکان:

یەکەم: قورئانی پیرۆزە کە سەرووی هەموو سەرچاوەکانە.

دووەم: کتێب و سەرچاوەکانیتر:


١ – احكام الاسرة في الشريعة الاسلامية, د. رمضان علي الشرنباصي, الدار الجامعية للطباعة والنشر, بيروت_ لبنان, ٢٠٠١م .

٢ – احكام التعدد في الكتاب والسنة, احسان محمد عايش العتيي , الطبعة الاولى,١٩٩٧ م.

٣ – الاشباه والنظائر , جلال الدين عبدالرحمان السيوطي ت٩١١ه , تحقيق, محمد محمد تامر و حافظ عاشور حافظ, دار السلام للطباعة والنشر, القاهرة_مصر, الطبعة الثالثة ٢٠٠٦م.

٤ – بلغة السالك لأقرب المسالك الى مذهب الامام مالك, حاشية على الشرح الصغير, للشيخ احمد الدرير, احمد الصاوي , دار المدار الاسلامي , بيروت _ لبنان, الطبعة الاولى, ٢٠٠٢م.

٥ – الزواج, د. احمد الحجي الكردي, دار اقرأ, الطبعة الاولى, دمشق_سوريا, ٢٠٠٦م.

٦ – زواج المسيار دراسة فقهية و اجتماعية و نقدية, عبدالمالك بن يوسف بن محمد المطلق, رسالة ماجستير منشورة , دار ابن لعبون, الرياض , ١٤٣٣ ه.

٧ - زواج المسيار, حقيقه وحكمه, د. يوسف القرضاوى, مكتبة وهبة, القاهرة, مطبعة المدني,الطبعة الثانية, ٢٠٠٥م.

٨ - مستجدات فقهية في قضايا الزواج والطلاق, اسامة عمر سليمان الاشقر,دار النفائس, الاردن, الطبعة الاولى, ٢٠٠٠م.

٩ – مستجدات فقهية فى قضايا الزواج والطلاق, اسامه عمر الاشقر, رساله ماجستير منشوره, دار النفائس , الاردن , الطبعة الثانية, ٢٠٠٥م.

١٠ – سنن النسائي الكبرى, احمد بن شعيب أبو عبدالرحمان النسائي(ت٣٠٣ه) , د.عبدالغفار سليمان البنداري, وسيد كسروي حسن, دار الكتب العلمية, بيروت, الطبعة الاولى ١٩٩٩م.

١١ – صحيح البخاري, محمد بن اسماعيل البخاري(٢٥٦ه), تحقيق, د. مصطفى ديب البغا, دار ابن الكثير, اليمامة, بيروت , الطبعة الثالثة, ١٩٨٧م.

١٢ – صحيح مسلم, مسلم بن الحجاج ابو الحسن القشيري النيسابوري (ت٢٦١ه), محمد فؤاد عبد الباقي, بيروت لبنان.

١٣ – قضايا الفقه والفكر المعاصر, د, وهبة الزحيلي, دار الفكر, دمشق- سوريا, الطبعة الثانية, ٢٠٠٧م.

١٤ – كتاب النكاح, شيخ مرتضى الانصاري (ت١٢٨١ه), مؤسسة الهادي, مطبعة باقري قم, الطبعة الاولى, ١٤١٥ ه.

١٥ – لسان العرب, للامام ابن منظور(ت٧١١ه ) دار احياء التراث العربي , بيروت_لبنان, الطبعة الثالثة, ١٩٩٣م .

١٦ – مسميات الزواج المعاصرة, بين الفقه والواقع والتطبيق القضائي, د. رائد عبدالله نمر بدير, دار ابن الجوزي, الطبعة الاولى, مصر_القاهرة , ٢٠٠٦م .

١٧ – المغني في فقه الامام احمد بن حنبل, موفق الدين عبدالله بن احمد بن قدامة , دار الفكر, بيروت_لبنان , الطبعة الاولى , ١٩٨٦م .

١٨ - یاسای باری کەسی بەرکار لە هەرێمی کوردستان, وەرگێرانی م. عبدالصمد محمد, کۆمەڵگای فەرهەنگی ئەحمەدی خانی, سۆران ,چاپی یەکەم, ٢٠١٩.

١٩ – حاشية ابن عابدين , رد المحتار عللى الدر المختار شرح تنوير الابصار, محمد امين الشهير بابن العابدين, دراسة وتحقيق و تعليق, عادل احمد عبدالموجود و علي محمد معوض, دار الكتب العلمية, بيروت_لبنان, الطبعة الثانية, ٢٠٠٣م.

٢٠ – فتح الباري , احمد بن على بن حجر العسقلاني (ت ٨٥٢ ه ) , تحقيق, محب الدين الخطيب, دار المعرفة, بيروت, ٩ / ١٦٣.

٢١ - مقابلة شفوية مع الدكتور. محمد فالح مطلق في جامعة اليرموك / المملكة الاردنية الهاشمية, اربد, حيث دار النقاش والحوار حول هذا الموضوع مع بعض اساتذة الجامعة, ثم رأي حفظه الله التوقف في المسألة.

٢٢ – مجلة الاسرة , تصدر من لندن عدد (٤٦) , محرم ١٤١٨ه.

٢٣ - الدكتور مثنى امين, زواج المسيار, خطاب منشور على موقع سوزي محراب. الرابط:

https://sozimihrab.org/%D٩٪٨٧٪D٨٪A٧٪D٩٪٨٨٪D٨٪B٣٪DB٪٩٥٪D٨%B١-%DA%AF%DB٪٨C%D٨٪B١٪DB٪٨C-%D٩٪٨٥٪D٨٪B٣٪DB٪٨C%D٨٪A٧٪D٨٪B١/?fbclid=IwAR٣bRJkPBtbwM١bAATftn٤W١pgB_jr٩ygPXcpQNJQVHs_k٠pf٩bGhS_WD_Q